## جوانترین هاندەر بۆ بەختەوەری ... ئومێد لەتیف



دیسان سەری مانگە، بەڵام وەک و مانگەکانی پێشو نا. ئەوەی جێگەی باسە ئەم سەری مانگە بەختەوەرترین مانگی منە ئەگەر بەراووردێکیی بکەم لەگەڵ ساڵانی پێشوو...

هەر رۆژێک تێپەڕبووبێت گۆشەیەکی جێهێشتووە لە بیرەوەری یەکان، هەر رۆژێک بووبێت شتی تازەوە و سەیر و سەمەرەی لەگەڵ خۆی هێناوە، هەر رۆژێک هاتبێت ڕووداوێکی خۆش یان ناخۆشی تۆمار کردووە.

بۆیە وا بەناواو رۆژو مانگ و ساڵدا ڕۆ ئەچمە خوارەوە، ئەمەوێت ئاوڕێکی بە تاسەوە بدەمەوە. ئاووڕێک دوور لە ئاووڕدانەوەکانی کەسانی ئاسایی. لای ئەوان تەنها شتە سەر سوڕهێنەرەکان یان بەسەرهاتە خۆشەکان ئەبێتە یادگاری...

بەڵام لای من دیوارێک لەبەین ئەچێت، دیوارێک کە ئەودیوی پڕی بوو بێ لە هیچ، لە ئازار، لەڕەش بینی.

ئەو دەمانەی کە بە کچە گەڕۆکە پڕ لە ئاسودەی یەکەم ئاشنا نەبوو بووم، ئەو کاتانەی کەبە حەپسە خانی سەردەمی نوێ شاد نەبووبووم!

ئەو دەمانەی ماچی لێوە پڕ لە سۆزەکەتم نەکرد بوو، وام ئەزانی بوون لە نەبوون دایەو هیچ مانایەک کێشی خۆی نی یە. بە کورتی ڕێچکە خوار و خێچەکەی زەمەنی دابڕان و زەمەنی پوچ گەڕێتیم گرتبوە بەر.

بەڵام بەر لە دیتنت هەستەکانم کۆکردەوەو خۆم هاویشتە بەر شەپۆلی ڕێکەوت.

ئەو شەپۆلەش خۆشبەختانە هاویشتمی یە ناو ئامێزی کچە گەڕۆکێکی بێ لانەو پڕ لە موحیبەت.

ئەو کچەش بۆم بوو بە دەروازەی بەهۆش خستنەوەم، بووە مایەی هەڵگەڕانەوەی بیرە پڕو پوچەکانی ژیانم بۆ سادەیی و ئارامی. ژیرانە خۆی خستە دەخیلەی ئەقڵمەوەو بوو بە جوانترین هاندەر بۆ ڕێکخستنی دەنگەکان. سیمای بەختەوەری بە بەرگێکی نوێ وە خۆی هاویشتە ژیانەوە...

Omed_arif@hotmail. com